# پریاسکەی ڕێگای سەرکەوتن

کامەران مەنتك
Kamaran mantic@yahoo. co. uk

(چامەیەکی شیعریە)

(1)

ڕێگایەکەت یەکجار سەختە
بەسەرمەستی هەنگاو مەنێ
دڕکێکی زۆر...
لەژێر پێتدا چەقێنراوە
سڵ لە هەموو شتێك بکە
دیوار ... بەفر
ڕووبار... ئاگر
پارە نانەکەی بەردەمت ژاراویە...
بەزوویی لە دەمتی مەنێ !!!

(2)

کە ڕۆیشتی ئاگادار بە ...
ئەو دۆزەخەی
لە ئەفسانان گوێت لێبوە
وا لە نیشتمانی تۆدا
نەخشەیان بۆ داناوە
قاچەکانت
بەزنجیری دووبەرەکی
توند بەستراوە
دەسا ژیر بە...
پیاو بە ...
رابە ...

(3)

ئەو هەوارەی...
کە تۆ گەرەکتە رووی ماچ کەی
نووکی خەنجەرێکە بە خوێن
پەنجەی لەرزۆك...
دڵی لەرزۆك ...
هەرگیز تا ماون نایگەنێ
ئەگەر زەوی بچێتە ئاسمان
ئاسمانیش بێتە جێی زەمین

(4)

ئەگەر دەڕۆی
ئامۆژگاریە پێویستت
وەرە بتبەمە لای مێژوو
سەرسام نەبی
گەر لە نوشتەکەیدا دیتت
لوولەی تفەنگ
تینی چەند دەستی پۆلایین
گۆمێك پڕ خوێن
چونکە گیانە
مژدەنە هەموو ئەمانە
بۆ بەرزکردنەوەی ئالاَ...
بۆ ...رۆژی ... نوو

(5)

گەر لە دەرگای دیرۆکت دا...
پەنجە لە گوێچکەت مەنێ
ترس وەك تەم
دوندی بالاَت دانەگرێ
ئاسمان شینە ...
ئاسمان سوورە...
ئاسمان سەوزە ...
تەورداسی دەستی جووتیار
تا تیژ نەبێ
ناتوانێ داری زۆردار
لەگەڵ یەکەم هەڵمەت ببڕێ

(6)

گەر تینووت بوو...
ئاوی کانی چەندەها کەس خواردیتیەوە
بەدەم هەندێ کەس شیرینە...
بەدەم هەندێکی تر تاڵە ...
بۆ هەندێك دڕکە ...ئازارە
بۆ هەندێکیش گوڵی ئاڵە
بۆ هەندێ تر
بوە مەیو سەرخۆشی کرد
هەتا ئێستاش خەوبردیەوە ...

(7)

پێش ئەوەی هەنگاو بنێی

خەم ...برسیەتی ...مردن
هەمووی لە ناو کەشکۆڵت کە
گەر لە ڕێگاشدا ماندوو بووی
کڕنووش بۆ هیچ شتێك مەبە
پشت بە بەردکە ... !

(8)

مێروولە...
زەنگە سوورە، مرۆڤ
هەرچی شتێ
لە نێو دەریاو سەر رووی زەمین
ئەگەر زانیت دژی تۆیە
بێ بەزەیی
سەری بخەرە ژێر گۆپاڵ
گەر راستیش بوو
بە دڵسۆزی دەستی بەسەری دابێنە
وەکو منداڵ

(9)

لە ڕێگاتدا
چەندەها کەس
وەبەردەمتا تێدەپەڕن
بەشێکیان لە مرۆڤ دەچن
بەشێکی تر
دووپشك ...
مشك ...
گۆڕ هەڵکەنە
هەشیانە چاوئەجندۆکە
لاشە رەش هەروەکو بزن ...

(10)

تێکڕا دەستی هاوڕێیەتی
درێژ دەکەن...
سەری ئەمەك دادەنوێنن
هەتا زوە با پێت بڵێم
بە هیچیەکیان باوەڕ مەکە
تەنیا مرۆڤەکە نەبێ
لەویش تەواو دڵنیا مەبە...
نەوەك ئاوی پیسی سوور بێ

بۆ تۆ خۆی نیشاندا بە خوێن

(11)

لە دواوەی وان
زەویـەکی تەخت و نەرمەڵان
دەکەوتە رێت
کە برِینی زۆر ئاسانە
ئاگاداربە ...
لە ژێر تەنکە خۆڵی سەری
کەللەی ئەو ناحەزانەیـە
کە پێش ئێستا
لە ژێر پێی خۆیـانت دانا

(12)

سەر بەرزکەوە بۆ ئاسمان
هەوایـەکی پاك هەڵمژە
بەهەر جۆربێ ...
ئەو لوتکانە ببرِە
یـاخەی قاچەکانت دەگرن
با هەر بڵێن ...
جەردەیـە ... رێگرە ...دزە ؟

(13)

کاری وشەکان ساتێکە
کە تۆی تیـا لە هەوڵدانی
تانەو توانجی نەیـارانیش
جامی شەرِابێکی سەختە
گەر پێت کرا زوو بیرِێژە
یـاخود بیـخە
هەمانەکەی مەلا ژن و
لە گۆرِی درۆی بنێژە

(14)

لوتکەیـەکی بەسام ... گەورە
چوارچێوەی ...
چۆلایی بەرچاوت دەگرێ
بەگورجی و توند ...
بەرەو رووی مل بنێ
نەکەی هەرگیز
بترسی لێی

چونکه بێئەوەی هەست بکەی
لە کۆتایی ...
دەبتە گوڵ و بۆت بەردەگرێ
(15)
سەری پەنجەت زامدار بکە
شەونمی ماندویەتی
پەڕەی کوڵمتی ...
پێبسڕە ...
سواڵکەرە چەوساوەکە ... برسیەتی
وەك خەم بۆ دڵ سەیرت دەکا
تۆش بەخوێن و ئارەقەکەت
پارە نانێکی گەرمی ...
بۆ بکڕە
(16)
توولە ڕێیەکەی بەردەمت
ڕێبەرێکە ...
بۆ گەیینت ...
بەشاری خوێن و سەوزایی
ئەو کەلاوانەی لە ڕێتدا رادەبورن
مێردەزموکەن ...
سواری ملی شادیت دەبن
گریان هەرگیز دادت نادا
مادام باوەڕت لەگەڵتە
هەست مەکە قەت کە تەنیای ...!!!
(17)
کابرایەکی ورگ زل
ریش پان ...
پرچ درێژ وەکو ئافرەت
دەستەجلی خاوێن لەبەر
سیما قەڵپ ...
گوێچکەی وەك کەر
لە ژێر سایەی ...
دارێکی رەق گەڵا وەریو
دانیشتوە
سنووقە زێڕە گەورەکەی
لەتەك خۆیدا رووکردوە

زێڕەکانیش موگناتیسن
بۆ لای خۆیان ڕاتنەکێشن
تێکڕای ڕووبارو دەریاکان
بکە تف و پێیان داکە !!!
ئەوو سەدانی وەك ئەویش
هەر بە خەیاڵتدا نەچن

(18)

ڕێگایەکەت نهێنیە
گلیەکانت قەدەغەن
بەرەبەیانێکی زوە
قاچاخچی زۆرت دێتە ڕێ
نەکەی هیچ شت بدرکێنی
گومرگ بۆ ...
هەموو وشەیەکیان دانێ
هوشیار بە ...
لێرە هەموو شتێك بڤەن
تەنانەت نەسیم بۆی هەیە ...
بتسووتێنێ !!!

(19)

بیر لە هیچ شتێك مەکەوە
تەنیا نامەکەی گیرفانت
بپارێزە
وەکو دڵت ...
وەکو خۆت ...
وەکو چاوت ...
چونکە خوێنە بۆ گیانت
چرایە بۆت

(20)

قۆناغێك ...
بستێك ...هەنگاوێك
لە گشت شوێنێك
ڕووت بۆ دواوە وەرچەرخێنە
سەیری باپیرەی مێژووکە
کەل کەل موەکانی ریشی
ڕەش بێ ...سپی
بە موکێشی بیری نوێی

دەربهێنە ...

(21)

خەو چاوەکانت دانەگرێ
گەرچی رێگاکەت زنارە
پشت بە گۆچان نەبەستی ...
تۆ دەبینی ...
چەند شاعیرێك
وەکو سەگێك
کڕنوش بۆ
پەیکەرێکی سەر بڕاو دەبەن ...!
هەندێکی تر فیشەکدانیان
لە زاردایە ...
هەرچی ئۆخەی هەژارانە
هەرچی هیوانی بن دەستانە
لە ژێر باڵی وشەیان دایە
تۆش بێشەرم ... دەستیان ماچ کە
تفێکی خەست
بە نێوچەوانی دۆڕاوی
سەگە ترسنۆکەکان داکە ...!

(22)

ئازارو ژان
ئەندێشەو خەم
لاشەی سەلیقەت داخ نەکەن
ئەو بەرزاییەی لەبەرچاوتە
گەرچالاك بی ...
بە تاقە هەنگاوێ دەیبڕی
لە لوتکەشا ...
گەر ماندوو بووی
دەبێ بەگەڵای دار بەڕوو
جواناوی رێگاکەت بسڕی

(23)

چەندەها پارچە کاغەز
پەڕۆی وشك
لەوناوەدا رێز کراوە
نەکەی فرمێسکیان پێ بسڕی
ئا لەم لاوە ... چەند بێ باوکێ

تینوویانە ...
بەو فرمێسکانەی تۆ نەبێ
تینوویەتیان هەرگیز ناشکێ

(24)

ئەوەیکردت
ئەوەی دەیکەی
گەر ببێتە لوقمەیەك و
منداڵێکی هەژار بیخوا ...
دڵگیر نەبی
دەسا بەخوا
ئێستاو دوا
ئەو لوقمەیە دەکاتە خوێن
خوێنەکەشی فیدات دەکا

(25)

ئەوەی لە پێشتا وەستاوە
ئیزیریۆسە ...
ئەگەر باسی دین و خوای کرد
بە زمانی پێی بڵێ :
دوێنێکە گوێم
بۆ مڵکدارێ گەورە گرت
بێباك ... بێشەرم قسەی کرد
ئەگەر سەد ساڵ کڕنووش ببەی
لە کڵێساو لە مزگەوتەکان بکەوی
من تاقە پوولێکت دەمێ ...
خێری تۆ بەر من دەکەوێ ...!

(26)

زمانت تەتەڵە نەکا
ڕەهێیەکانی شل نەبێ
بەشخوراوو ... بێکەسەکان
چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆن
درۆزنەکان
دەیانەوێ درۆکانیان
بەزمزمی راستی بشۆن
گەر گەیشتی بە خوا بڵێ
تەنیا هەژار ...
ئامادەنەو قوربانی تۆن

بۆچی تا ئێستا دڵ بە سۆن ؟!

(27)

پرسیار لە هەموو شت بکە
دار ...
بەرد ... دیوار
هەرچیەك هەیە بیزانە
پێویستت بە زانین هەیە
زانینیش هەرگیزاو هەرگیز
لە ئاسمان، بۆت نایەتە خوار

(28)

بە چنگ بەسەر چیاکەوە
با نینۆکەکانت بشکێ
ئەنگوستەکانت زامدار بێ
وەریسی کەس بەکار مێنە
خۆشی ریێویەکی فێڵبازە
دەتخەڵەتێنێ ...
نەبادا لە کۆتایی
وەریسەکە بپچڕێنێ !!!

(29)

گۆزەیەك لەگەڵ پێکێ مەی
لەتەك رێگا دانراوە
سۆفیەکی ریش سپی پاك
سەرخۆش کەوتوە لە وێدا
مزگەوتێکیش ...
لە نزیك ئەودا سوتاوە
بەرزیکەوە ...
پێدەکەنێ ... هاواردەکا :
( (دەڵێن دۆزەخە جێی پیاوی سەرخۆش
هەی قسەی بێ جێ و دور لە عەقڵ و هۆش
گەر عاشق و مەست بچنە جەهەننەم
بەهەشت چۆڵ و حۆڵ ناولەپێکی بۆش) )
تۆش لە باخچەکەی بیری ئەو
گوڵێ بچنەو لە یاخەت دە
بڵێ قوربان :
بۆچی ئاسمان
بۆنی شەڕابی تۆی لێدێ

بۆچی نەزەرگای خواوەندان
لە گۆزەی دەستی تۆ پێك دێ ؟
(30)
شەڕاب و خوێن تێکەڵاوە
هەر وشەیەك
هەر رستەیەك
لە وەڵامە نامرادەکان
کەللەی سەری چەندەها ئەریۆسی پێوە
تۆش بیانکە بە مەدالیاو
بە ئێخەی یەسوعی شۆڕکەوە !!!
(31)
بە ئاستەم چاوت لێك کەوە
خۆر بە رووتدا پێدەکەنێ
بە رووگرژی سەیری مەکە
تۆش پێبکەنە
تا تیشکی سۆز
بەسەری هیواو مەبەستت دادێنێ
هەرچی ژانە
ماندوو بوونە
خەمی گرانە
لەگەڵ ئەودا دوایی دێنێ
(32)
کڵێسەیەك و مزگەوتێ
لەسەر تازەترین شێوە
لە نزیك یەك دروستکراون
لە نێوەڕاستیان دانیشە
لەوبەرەوە ...
مرۆڤێکی رەشی سەرشێت
گڵ وەسەری خۆی دادەکا
خۆی دەگەوزێنێ لە ژێر پێت
روح دەدات و دەمرێو نامرێ
تاو نا تاویش پەل دەکوتێ
(33)
پەساپۆرتی مەبەستەکەت
لە دەست بگرە
ئەوەی جاران لە خەو دەتدی

ئێستا بە کامیرای چاوت
وێنەی بگرە ...!!!
خۆت بە رەنگی سووری خەنە
نەخەڵەتێنی
سەری پەنجەی دڵدارەکەت
دەبێ بە خوێنی نەمەیوو
بنەخشێنی ...

(34)

لە هەنگاونان ئاگادار بە
ژێر قاچت
پاچی دەستی ڤازای لێیە
نەوەك بشکێ
ئەو حەنەفیەی ...
بۆ گوڵی مەبەست دانراوە
جارێزوە ... دایمەخە
با بەردەوام خوێن لێی بتکێ !!!

(35)

دەم مەکەوە بۆ ئاخاوتن
هەتاوەکو گوێت لێنەگرن
زۆر نەفام و نەزانن
ئەگەر بیرت هەرچەند راست بێ
لەگەڵ داوایان نەگونجێ
سەرت دەبڕن ...

(36)

هەرچی وشەی دانیشتنە
هەتا زوە ...
لە باخی خەیاڵتی دەرکە
بە رۆژ لێوی خۆر بمژە
لە تاریکیش ...
بە چراو پف لە شەو کە

(37)

ئەشکەوتێکی زۆر تاریکت
دەکەوتە رێ
لە هیچ وشەیەك مەترسە
کێوی ...
ئاگر پەرست ...

مرۆڤ خۆر ...
له ته‌نیشت گڕه سووره‌كه
كابرایه‌كی نورانی
جل به خوێن ... راكشاوه
كتێبه‌كه‌ی بخوێننه‌وه
ئه‌و قسانه‌ی خوێنخواره‌كان
به‌ویان گوت
به تۆی نالێن ...
چونكه نوشته‌یان كراوه
ئه‌جندۆكه‌كانیان فڕین !!!

(38)

ئه‌هریمه‌ن ...
ئه‌هرۆمز ...
ده‌ست پاك و دز
له‌سه‌ر دیواره ره‌شه‌كه
به گه‌وره‌یی ...جوان نوسراون
خوێنی زامی په‌نجه‌كه‌تیان پێدا بكه
تاوه‌كو زوو بیانبینی
له بازاڕی به‌كارهێنان و نه‌مری
هه‌ڵواسراون

(39)

دارگوێزێكی گه‌وره
له‌ته‌ك كانیه‌كی بێگه‌رد
سه‌وزو جوان ... رێك وه‌ستاوه
جار جار له‌گه‌ڵ هه‌ناسه‌ی خوا
سه‌ما ده‌كا
ئاوی كانیه‌كه مه‌خۆوه
چونكه خوێنی شه‌هیدێكه
كه له پێناو ئه‌م داره‌دا
گیانی به‌خشیوه‌و كوژراوه ...

(40)

له‌ته‌ك هه‌ر لوتكه چیایی
دۆڵێكی گه‌وره دانراوه
رێگاكه‌ی ژێر پێت جمكه
دوو خوشكی بێ دایك و باوكن
دوای كه‌مێ تر... لێكده‌بنه‌وه

یەکیان بۆ خوارەوە دەڕوا
ئەوەی تریان
هەنگاو دەنێ بۆ سەرچیاوە

(41)

لە هەر شوێنێ
پێت بوەشێنی
ئەم دوو خوشکە وەکو قاچت
وەکو خەمی نیشتمانت
هەروەکو خەنجەری دەستی دوژمنانت
هەر لە دواتن ... هەر لەگەڵتن
تۆش هەر ڕێگەی بەرزی بگرە
نەکەی بۆ خوارەوە لادەی
چونکە دۆڕانە ... مەرگتە

(42)

گەر باوەڕ نەهێنن ... تێناگەن ...
باوەڕ لە دەروونی ئەوین لە دایك دەبێ
لەو بێ دەنگی و خامۆشیە
هەورو ئاسمان
ئەم گۆرانیانەت بۆ دەڵێن
دەستێکی خرپنی قەڵەو ...
لەو دیوی زەوی دەرهاتوە
بە درۆ پێت دەدا بەڵێن !!!

(43)

باوەڕ نەکەی
ئەم گۆرانیە ماگۆکیانە
مەستت نەکا
هەمووی مەبەستی سەرەکی
ئیسقان شکاندنی تۆیە
ئەگەر شتەکە راستیش بێ
تەڵەیە، دایانناوەتەوە ...
بۆ چەوساندنەوەی تۆیە !!!

(44)

کەنان و ئاو
هەنگوین ...تاڵاو...دەخۆیتەوە
ئاگاداربە ...
نەوەك کاغەزێکی نوسراو

به شەمێ جوان چەورکراو
خزرابێتە ناو ...

(45)

لەو رووبارە
کە خوێنی فریدریکە
سەرت بشۆ
هەموو لاشەت با چاك سوور بێ
تا زمانی
حەوت جۆر ئەجندۆکە فێر بی

(46)

لە ژێر کەپرە نزیکەکە
دامەنیشە
نەوەك ئەنوسنت بتگرێ
چارەنوسێکی رەش و پیس
وە بالای شەنگەبیت بگرێ

(47)

سەیرێکی بەرچاوت بکە
بەرزاییەك لە دوور دیارە
کە قەلایە ...
لێت نەشێوێ کاتێ دیتت
شوراو خۆلی سەر قەلاکە
لە هێسك و کەللە سەرایە !!!

(48)

هەر کە دوا پایەت بڕی
دەبێتە سینەما قەدەر
موسولینی ...
لەگەڵ هۆلاکۆو ... هێتلەر
لە کوپەی سی منداڵەکان
فرمێسکی دایکان دەنۆشن
هەریەك لە لایەك کەوتوە ...
گاڵتەیان بە
هەژاری وەکو تۆ دێتن
پێدەکەنن و سەرخۆشن

(49)

لە قەلاکە وەرە خوارێ
ئەو تووڕە بوونەی کە لەوێ

کردیانه دیاری بۆت
بیخه کۆڵەگەکەی شانت
گۆمی دەستت پڕ کە لە خوێن
دەمیشت با مشت بێ لە جوێن
هاوار بکە :
کوا چەوساوە ... کوانێ رەنجکێش
سەیرێکی ژێر قاچت بکە
بە گەرمی هەناسەك هەڵکێش
(50)
خەم داتنەگرێ
سەری هەست و سۆزت ببڕە
تاکو نەبنە بەردی سەر ڕێت
دڵۆپی فرمێسکی چاوت
زۆر زوو بسڕە
نەوەك ببنە جامی جەم و
زۆردارەکان
کڵۆڵی تۆی تیا ببین ...
(51)
سنگت وەکو شێر دەربێنە
نەکەی بە کووڕی هەنگاو نێی
گەر تەواو ئامادە نەبی
بۆچی بێ سوود سەر دێشێنی
(52)
شارێك تیشکی چاوەکانت
بەگەرمی لە باوەش دەگرێ
باش سەیرکە ...
دیقەت بدە هەموو شتێ
تا گڕی تامەزرۆت دەشکێ
سەر بڵند کە
لە تەك دارخورمایێ بەرز
مزگەوتێك جوان بنیاتنراوە
ماڵی پیرۆز...!!!
هەزارەها کەس لێرەدا
لەسەر ئەوە سەر بڕاوە
(53)
برۆ ژوورێ

لەسەر بەردە شۆری سەوز
کابرایەکی باڵا بەرز
کە دەیبینی ...
شەل و شەپکێ جوان لەبەر
دەکوژێ لە چاو وەنەوز

(54)

هەردوو لا رووومەتی ماچ کە
موویێك لە سمێڵی دەربێنە
پەچە لە رووی خۆر لادەو
باسی کوردو بێڵ و پاچ کە !!!

(55)

بە خێرایی هەڵسەو برۆ
تەمەنت تۆپە بەفرێکە
وردە، وردە ... دەتوێتەوە
کۆڤان و خەم و ئازاریش
لەگەڵ ئەودا زیاد دەبێ
ئەوەی مردوە ... دەژیێتەوە

(56)

یوسف لە نێو بێشکەی
جوانی و رەونەقی خۆی
پاڵ کەوتوە ...
ئاگادار بە ... با واگا نێ
یانزە ئەستێرەو مانگ و خۆر
بە دڵ سەر دەنەوێنن بۆی
ئەمە نهێنیە گرنگە
کەس نابێ بزانێ پێی
ئەگینا چاڵ
وەکو نەهەنگێکی برسی
کردیتیەوە دەمی خۆی بۆی ...

(57)

وێنەی زولەیخا نیشاندە
دەبێتە فیزە پاسێك بۆت
هەرچی درك و داڵ هەیە
دەبنە گوڵ و دێنە ژێر پێت ...

(58)

رامەوەستە ...

بەردەوام بە لە رۆیشتن
گەر سوارێ هاتە رێگات
لێتی پرسی ...
بۆ کوێ دەچی ؟
چییە مەبەستت ؟
پارچە خەڵووزێکی بدە دەست
پێی بڵێ:
گەورەم ... سێرم
وار سوتاوم ...
پۆستەی خوامە
دەنگ و باسی
سەر زەمینی بۆ دەنێرم ...
(59)
قەسرێکی سپی چەند نهۆم
لە دوور را پێدەکەنێ
وەکو تاریکی و گڕ ی مۆم
لە ناویدا ...فریشتەکان
وەك پەپوولە یاری دەکەن
تاو نا تاویش هەمووی تێکڕا
پەرای تاقەکەسێك دەکەن
(60)
لە یاد نەکەی ...
ئەگەر گەیشتیە شوێنی خۆت
پێیان بڵێ :
هەژار لێرەش نرخی نیە
وەك گوفەکە
هەر دەکەس بەرانبەر یەکە !!!
(61)
نەتەقیەوە ...
دیمەنەکان مەستت نەکەن
ئەو شتەی کە تۆ گەرەکتە
دەبێ دەروونت ئاسمان بێ
خۆ راگر بی ...
وەك بڵقی سەر ئاوت لێنێ
کە بە هەوای بۆش هەڵدەکەن
(62)

ئەو سێ کەسەی
لە رۆخ ئەم سینیە دانیشتوون
عیساو موساو موحەمەدن
ئێستاکە بە وشەی ناسك
هەموو گیانت دەکەن گوڵگون
هەڵە نەکەی ...
ئەگینا خاك دەبتە پەڕۆو ...
کفنێکی رێکت بۆ دەدروون !!!

(63)

دەرگاکە لەسەرخۆ داخە
سێ شەهیدی هەژدە ساڵی
لە ژوورەکەی تەنیشتتن
با هەڵنەستن ...
نەوەك چاویان
چرای بیریان بسووتێنێ
بە ئارموشی پەشیمانی ...
سەری دوارۆژیان ببەستن

(64)

هێندە سەرت بەرز مەکە
کە چاوت زەوی نەبینێ
بەخی بوون گورگێکی دڕە
بە یەك قەمپاڵ
خەرمانت لە بن دەردێنێ

(65)

مامۆستایەك دانیشتوە
هەر چوار دەوری
بە وشەی ناسك چنراوە
لە نێوان پەنجەیتی خامە
شەڕابی لەعلی رومانی لەبەر دەمە
دەست درێژ دەکا
لێوی یار لێی دێتە پێش و
هاواردەکا :
نالی ... نالی
سوارچاکی
سروش و وشەو ئەوین
نەکەی ...

خواردنەوەی حەرامە !!!

(66)

فرمێسك وەك
شەڕابەکەی پێشی دەرژێ
مەحبوبە توند دەستی دەگرێ
لە خۆشیا بە دڵ گەرمی
شیعرێکی نوێی بۆ دەبێژێ

(67)

لە لایێ تر ...
شەڕاب و بەفرو ئاگر
تێکەڵ یەکن
دانتی و پێزارك
جیولفینی و هۆهنشتاوفن
کەوتوونەتە نێو گەرمەی شەڕ
شەیتانی تێکبەری خەڵك
بۆت دێتە پێش
وەك پیاو چاکێ...
گەورەی بە فەڕ ...

(68)

تۆ هەر دەڕۆی
لەگەڵ خۆتدا
وێنەی چەند هەژاری رووت
لەسەر خوانی ...
پێغەمبەرەکان بکێشە
پێیان بڵێ :
رۆژێ چەندەها هەزار کەس
خواردنی ژینیان نییە ... بەس
لەسەر شۆستەکان دەمرن
وەك نێچیرێك ...
ترسی راوکەری لە دوا بێ
لە هیچ شوێنێك
ئۆقرە ناگرن

(69)

ئەو رەزە سەوزەی دیارە
نەرم ... هێواش
لێی برۆ پێش

گەر لە گشت شوێن
خەزان زەوی زەرد کردبێ
لە وێرێ تازە بەهارە !
(70)
قژێکی سپی ...
لە سەرێ لە لەشکراوە
لە کۆڵەگەی تەمەنی هەشتا بەهاری
چەندەها نهێنی ...
شەڕ ... ئاژاوە
خۆشەویستی و ئەویینداری
خۆیان لە نێو حەشارداوە
فروخ کە ئەمە دەبینێ
چۆکی دەشکێ
شمشێری دەستی گڕدەگرێ
خوێن لە بەری چاوی دەتکێ ...
(71)
بەرێ خۆ بدێ
چۆلەکەکان ...
پنچکە گیای کەلێن بەردەکان
تیشە شاخی چیاکان
ئێستاش هەر دڵیان داخدارە
چونکە هێشتا ... بکوژە دڕندەکان
لە بەرچاویان روویان دیارە !!!
(71)
ئا لێرە کەمێك بوەستە
ئێستا کاوە
دەستێك چەکوش ...
بە دەستێکیش
کەللەی زوحاکی لە دەستە
دێتن بۆ لات
داوای مانەوەت لێدەکات !!!
(73)
لە رۆخ کانیەکە دانیشە
تا ئاوەکە ...
دەبێتە شاشەی سینەما
خانی ... جزیری

قارەمانی وشە ... جگەر خوێن
دێنە پێش و بۆت داخێون

(74)

گەوهەری فرمێسکی تەیران
یەك یەك لە نێو کانیەکە
بە برژانگی خۆت دەربێنە
تا کەنگێی جگەر خوێن و
بیری مەم و زینی خانی
لە ئاوێنەی دوارۆژی خۆت بنوێنە

(75)

گەڵای سووری درەختەکان
سروود دەڵێن ...
دەنگی قاچت
نەبتە تەڵە بۆ وشەکان
لێیان گەڕێ
یاخود دەگەنە ئاواتیان
یا تا مردن ...
بێدەنگ نابن و هەر دەیڵێن

(76)

تووشی دارێکی گەورە دێی
درێژ بۆ ئاسمان هەڵساوە
هەزارەها گەڵای هەیە
هەر گەڵایەك ...
ناوی یەکی لێنوسراوە

(77)

بە تیخی شمشێری نوێ
دارەکە لە بنڕاببڕە
دوایی بە ژیانی بێنە
قەڵەمێکی خاوێن بکە
لە لایەکی تر بیچێنە

(78)

کە سەیری هەرشتی دەکەی
گوێ لە ناڵەی دڵی بگرە
سەرسام نەبی ئەگەر گوتیان :
خێرا بڕۆ بۆ لانەی خۆت
ئەو ئەندێشە پووچەی بیرت

هەمووی بسڕە

(79)

ئێستاکە باڵدارێك دێتن
بارە دارێکی زۆر گەورە
لە پشت دەکا
بەرەو هێلانەی خۆی دەچێ
لانەکەی یەکجار بچوکە
پێی وەناچێ ...
کەچی هەمدیس دەڕواتەوە
دوو هێندەی تر زیاد دەکا !

(80)

گشت دارەکان بسووتێنە
تا باڵندە چاو گچکەکە
خۆی گەوهەری خۆی ببینێ
تۆ راستی بخە دەستی
هەتاوەکو گوڵی هەڤ بوون
لە چواردەوری خۆی بچێنێ

(81)

لێرە نامەکەت بکەوە
ورشەی زریانێك لە دوات دێ
پرۆڤسە ...
سواری باڵی هەور بوەو
فرمێسکی منالاّنی پێیە
دێ نامەکەت بۆ بڕشێنێ
تۆش دڵی خۆت یەکالاّکە
بارانێکی حەزو ئەوین
بە گوڕ شالاّوت بۆ دێنێ

(82)

دەنگت وەکو
پەلەمێزێکی نەوت بڕاو
کڵپە نەکا ...
مافت هەیە ...
هاوار بکە
هیچ ترسێك کارت لێنەکا

(83)

ئەمڕۆ هەژارێکی برسی

بەلەنگازێکی بێ تاوان
کۆمەڵێ کرێکارو جوتیارو
چەندین سەپان
لەبەر هەناو بۆشی مردن
ئەوانەی بەوێدا ڕەتبوون
زەیوس کاری لە کەس نەکرد
کەس زمانی خۆی نەبزواند
هۆی نەپرسی ...

(84)

گۆی مەمکی ژنێکیان سووتاند
نەوەك شیر وە بێچوەکەیدا
بە دەرزی مەمکی خۆی کونکرد
مەمکیان بڕی ...
تا ناچار بوو بە ڕقەوە
گشت لاپەڕەی ...
حەسانەوەو ئۆقرەی دڕی !!!

(85)

سواڵکەرێك دەستی درێژ کرد
پەنجەکانیان تێکڕا قوتکرد
گوتیان تۆچی تاکو بژی ؟!
خودا بێسوود تۆی دروستکرد
ئەویش دەمی خۆی کردەوە
هەتا تێر خوێنی خۆی فڕکرد

(86)

ئاسمان دەگری
بروسکەکان ...
بۆ خانوە بەرزە، چەند نهۆمەکان
گڕن ...چران
کەچی بۆ هاوەڵانی من
کە هەژارن ...
دەیانسووتێنن ...تەنوورن
ناپاڵمی خوان !!!

(87)

نامەکەی دەستت داخەوە
هەناسەیەك هەڵبکێشە
خۆر بکە بە پێنووسێك و

دووباره وێنەی رووتەکان
لەبەر چاوی خوا بکێشە
(88)
ئەو دەنگەی دێ
دڵنیابە ...
بەرای تۆ نیە
وەرامەکان کۆڵێ خەمن
کرنوش بۆ دڵی تۆ دەبەن
هیواو داخوازیەکەی تۆیان ...
لەگەڵ نییە !!!
(89)
تۆش هەڵسەوە
بۆ لای رەزەکە برۆوە !!!
وا باوکی فرووخ
کەللەو لاشەی لێك نزیکە
تۆش پیاو بەو بۆی لێکدەوە !!!
(90)
ئەوساکە بێستوون کون دەبێو
فەرهادیش بە شیرین دەگا
بیرە نوێکەت کلیلێکە
چرای دوارۆژ
لە دەروونت رۆشن دەکا
چاوەکانت بترازێنە
تاوەکو گوڵی سەرکەوتن
جوانترین هەڵپەرکێی خۆیت
پێشکەش بکا ...